# له رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری هەتا دەیپۆشێت، ودانی پێ دەنێت لەسەر تاوانەکانی

له ئەبی هورەیرەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لە رۆژی قیامەتدا ئیماندار نزیک دەکرێتەوە لە پەروەردگاری هەتا دەیپۆشێت، ودانی پێ دەنێت لەسەر تاوانەکانی»، پەروەردگار دەفەرموێت: «ئایا ئەو تاوانە دەزانیت وله بیرتە؟»، دەڵێت: بەڵێ، پەروەردگار دەزانم، پەروەردگار دەفەرموێت: «من لە دونیادا تۆم پۆشی وسیترم کردی، وئەمڕۆ لە تۆ خۆش دەبم، بۆیە کتێبی کردەوە چاکەکانی پێدەدرێت».»
[صەحیحە] [بوخاری و موسلیم هاوڕان لەسەری]

خوای گەورە بەندە ئیماندارەکەی نزیک دەکاتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا، ودایدەپۆشێت ودان دەنێت بەو تاوان وگوناهانەی کە لە نهێنیدا کردوویەتی، خوای گەورە پێی دەفەرموێت: ئایا فڵان تاوان دەزانیت؟ ئایا فڵان تاوان دەزانیت؟ وئەویش دانیان پێدا دەنێت، پەروەردگار دەفەرموێت: من لە دونیادا تۆم داپۆشی وئابڕووی تۆم نەبرد لە نێو بوونەوەرەکاندا، وئەمڕۆ من تۆ دادەپۆشم، ولێت خۆش دەبم.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/4242

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee